# سەربەشاخ



گوندێکی دڵگیری ناوچەی کەندیناوایە.
ئەکەوێتە ( ٦٣ ) کیلۆمەتری باشوری شاری
هەولێرەوەو( ١٥) کیلۆمەتری خۆرئاوای دوبزەوە.
لە نێوان چیای سەرکەشی ( قەرەچوغ ) و
( زورگەزڕاو ) دایە. سەربەشاخ گوندێکی دێرینەو
سەدان سالە ئاوەدانە. لە سەرەتادا لە دەشتی
کەندیناوە سێ برا بە ناوەکانی ( وسو مامەر) و
( شەمزینی ) و ( وەتك ) هاتوون و ئاوەدانیان کردۆتەوە.
جگە لەوەی خاکەکەی بەپیتە بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵەو بۆ بەخێوکردنی مەرومالاَت. ناوچەیەکی نەوتیشەو ( ٢٤)
بیرە نەوتی تێدایەو لە ساڵی ( ١٩٤٨) دا کۆمپانیای دەرهێنانی نەوت و غازی لێدامەزراوە. ئەم گوندە چەندین جار لە
لایەن رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی ئێراقەوە وێرانکراوە، بەڵام ئێستا ئاوەدانەو دانیشتوانەکەی بە ئاشتی پێکەوە دەژین.

ئا/ رازان
وێنە : سامان عوسمان

## ٤ بۆچی هەندێك ئاژەڵ کاوێژ دەکەن؟



گەدەی ئەو ئاژەڵانەی کاوێژدەکەن لە چوار بەش پێك دێت، کە پێیان دەوترێ گەدەی
یەکەم، دووەم، سێیەم و چوارەم. خەسڵەتێکی تری ئەو ئاژەڵانە ئەوەیە کە دەلەوەڕێن
یەکەمجار بە باشی خۆراکەکە ناجون، بەڵکو هەر بە لیك تەری دەکەن و دەیخەنە گەدەی
یەکەمەوە. لەوێ خۆراکەکە نەرم دەبێتەوەو بە باشی تێکەڵ دەبێت، ئنجا دەچێتە گەدەی
دووەمەوە کە لە شانەی هەنگوین دەچێت و تیایدا خۆراکەکە تۆپەڵ تۆپەڵ دەبێت.
لێرەدا ئاژەڵەکان واز لە لەوەڕخواردن دەهێنن و دادەنیشن تا
پشوویەك بدەن، ئیتر بە دانیشتنەوە تۆپەڵە خۆراکەکانی ناو گەدەی
دووەم دەگەڕێننەوە ناو دەمیان و جارێکی تر دەست دەکەنەوە بە
جوینی، بە کرداری دووبارە جوینەوەکە دەوترێ ( کاوێژ ).
ئەم گیاندارانە بۆیە کاوێژ دەکەن بۆ ئەوەی خۆراکەکە بە باشی
ئامادەبکەن بۆ هەرسکردن و بینێرن بۆ گەدەی سێیەم و دواتر بۆ
چوارەم و لەوێشەوە بۆ ناو ریخۆڵە.



ئا: ژولیا
وێنە: سامان عوسمان